# سه بوونی غوربه ت و شه وی گاسووری ولاته که م

رێناس جاف

ئه و ده مه ی له ئێواره یێکی دڵته نگی غوربه تا ، دوا
زه رده ی خۆر ئه زێته نێو نیگاته وه و سێبه ری
دووکه ڵستانێ ، گیان تووشی نیوه خنکانێ ئه کا ، تۆ هێشتا
هه ر وێڵی دوای خه یاڵه ونبووه کانی کوردستانه که تی و
به نسێی نیگا ، ڕووپه ڕی دانه به دانه ی بیره وه رییه کانت
هه ڵده ده یته وه .
هێشتا هه ر نقومی هه مان دڵستانی که چی چرِه باسێکی
نێو ته کسی ، وه خه به رت دێنێته وه و تۆش له پڕێک
قسه به جه ماعه ت ئه بڕی و ئه و جار تۆ به واقیعی
کوردستانا دائه گه ڕێی .
له تۆ قسه یێک و له وان یه ک و دووان .
که ئه ناڵێنی بۆ کوردستان ، بۆکڕووزی گیانت ، ئاورێ
به ر ئه داته جارِستانه که ی ڕۆحت و به جارێ دڵ
ئه بێته قه قنه سێ و به ده م بڵێسه و قرچه ی سووتانیشه وه،
هه ر په له و هه ڵئه وه رێ .
سووتان ئه تباته وه به ناخی ڕابوردووت دا .
ئه چییه وه مه حاڵه که ی هه ورامانی دڵ و گیان له به ر
هه ر که له به ر و بنار و پێ بنارێک دا ئیستێک ئه کا و
ئه شکێ به گۆشه ی چاوا ئه تکێته خوار .
ئێستێ تۆ ئیدی تاوێ به ده م شنه باییکی ده قه ره که ی

عه نبه ر خاتوونه وه ، یاڵه و یاڵ ئه گه ڕێی که چی له نه
کاو
سه بوونێ هه ڵئه کا و قرچانێ له دڵا ساز ئه بێت.
زوو به زوو و گورجێ خۆت ئه گه یێنیته وه سه ر
کانیاوه که ی دڵداران و شڵپه ئاوێ به ده م و چاوا ئه ده ی
و
ئۆخه یێکی بۆ ئه ڵێی و ئۆخژنێکت دێتێ .
خه یاڵ دووراو دوور ئه تباته وه بۆ واقیعه که ی خۆت و
کۆمه ڵگه که ت .
ئێژی هه ر دوێنێ بوو به ره به یانان بۆ ئه وه ی 5 قرانت
به کرێ ماشێن نه چێ، ئه وه ند زوو له ماڵ ده ر ئه که
وتی،
له سه ر ڕێگا و جادان ، لووره لووری گورگان و حه په حه
پی
سه گان ، سام و ترسێکی هه ژێنه ری ئه خسته دڵته وه .
کۆڵێ ڕێگه ت ئه دایه به ر خۆ و به ده یان مله و تووله ڕێی
پڕ پێچ و په نادا گوزه رت ئه کرد هه تا ئه گه شتییه
قوتابخانه که ت .
ئیتر لێی گه ڕێ له سه رما و سۆڵه ی زستانانا ، چلۆن کرێوه
به گیانتا عوبووری ده کرد .
جاری وا بوو قاچ و قول و ده س و په نجه ت ته واو ئه ته
زی
و له گۆ ئه که وت و هه ر ناڵین بوو تێکه ڵ به ئاوازی
بێده نگی ده ربه ندان . به ڵام کوا ، کێ بوو ساتێ ، تاوێ
گوێی له و هاواره بێت ؟!
وه رز ئه گۆڕا ، ساڵ ئه سووڕا به ڵام تۆ هه ر ڕووته ڵه که

ی
جاران بووی و ژیان و دونیا بۆت کوا تۆفیری ئه کرد !
زستانان لادێ هه بوو به چه ن مانگان ، بێ تفاق، بێ ئاگا
له عاله م ، هه تا به هاری به سه ر ده کرد .
ئه ی له کوێ بوون ئه و ویژدانانه ی له کۆشکی بلوورین دا
له به ری مێشکیان ، به سه ر لاپه ڕه ی قاقه زانا
ئه پژاند که چی درێخ له دوو دێڕان بۆ ئه و ده ڤه ره ی
مه رگ دایمه جاڕی به رز بوو و بایه قوژ هه ر ده م
ده نگی ئه هات !
هه تا تاوێ هه وا خۆشی ئه کرد و ئه گۆڕا و وه رز
خۆری لا میوان ده کردی ، به شت هه ر شارۆی باخان بوو.
ده رفه تی ئه وه ت نه بوو نیوه ڕۆان بگه ڕێیه وه ئاوایی
و
شلکێنه و کزێنکه ێیکی بۆ بخۆی و به هه ڵه داوان ،
هه ڵگه ڕێیته وه .
چاری ناچار به باخه کانی پایزانی سرووشت دا ئه گه ڕای و
چه ن ده سکه گوێز و بڕێک مێوژ و چه ن ده نکه
هه نجیره ڕه قه ڵه ت ، به ر ئه که وت و نیوه ڕۆت پێیان
ئه دایه سه ر .
یادی به خێر ئه و ده مانه ی به ده سکه گوێزه که ت
ئه چووی و ئه کشای بۆ لای دۆکه ی ته ختی مه یان (مه
یدان)
به ده نکێ نانی ته نووری و په رداخێ دۆ ، به هه شتێکت
بۆ خۆ ساز ده کرد .
کوا له کوێن ئه وانه ی دوێنێ هاواڵ و یار بوون و ئه مڕۆ
چه واشه و سه رگه ردان !!

خۆرپه ڕان ئه گه ڕایته وه ئاوایی ، کوا چیت بوو ، تاویَ
پیِی ڕابویَری ؟!
یادمه سه رگه رمیت هه ر ته په که ی " هاره ق خۆران "
بوو که ئه چوویت و قاپی به تالّ و خالّیت ئه نا به سه ره وه
درێخیش له قومیَ ، ملّچه ملّچ توێکلّه پسته ت ئه لسته وه و
به توێکلّه پرته قالّیش بۆنیکی پرته قالّیت به گیان ئه به خشی
و
به ده م ونبوون به سه ر گرده که ی خه یالّه وه ، تاریکیت
به سه را ئه هات و بوولیلّی ئیَواره ، خه مین خه مین
به دۆلّه که ی ئاواییا سه ر به ره و خوار دائه کشای و
شه که ت شه که ت ، چاوت خه و لای ئه بوو به میوان .
ئیدی دلّ چلۆن له م دۆزه خستانه دا نه بیَ به سکلّیَ له ئازار
و
چلۆن به ده م ئه و هه موو پڕووزانه وه ، ژان نه یکوژیَ؟!
ئه ی چۆن باسی هاوینانت بۆ بکه م .
پزووی پانتۆلانت ، سپیَ ورووژه یان تیا ئه هات و
ئه سپیَ شه ڕانیَ ، یارییکی ڕۆژانه ت بوو .
کچی داماویش هه ر که سپیَ و ڕشک ئه یدایه سه ری ،
هه زار ده رمانی پیس و بۆگه نیان ئه کرد به سه ریدا و
داماو هه تا چه ن حه وتان ، بۆنی گیانی، ئازای ئه ندامی
وه ژان ده خست و کوا ڕووی ئاوه دانی و مالانی هه بوو!
گیانه ده لیَگه ڕیَ ، ده ستم لیَ مه ده با زامه که م
نه کولیَته وه .
چیت بۆ بیَژم که گیان هه ر ئازاره و چۆڕ چۆڕ ، به
سه رتا پیَمدا دائه چۆڕیَ .**********************
هه ویَنی ئه م کورته بابه ت و نووسراوه قسه و باسی

ڕۆژانی ئه م زستانه ی تاران لای خه ڵک بوو که ولاتێکی
به رینی وه ک ئێران به و هه موو سه روه ت و سامان و
سه رچاوه سرووشتییه ی هه یه تی ، خه ڵکه که ی
له پێته خت دا وا وه زاڵه هاتبوو که ده وڵه ته که ی
ڕایئه گه یاند ره نگه ناچار بین گاز له ده ره وه بکرِین .
هه ر ڕۆژه و له به شێکی شاردا گاز نه بوو .
بۆیه که وتمه وه بیری کوردستان و ئازار و خه م و
فرمێسک ، ساتێ هه دادانیان نه ده دام و ئه شک هۆن هۆن
لێم بار بوو . بیرم له وه ئه کرده وه ئه ی لـه و چۆڵـه وانییـه ی

ئاواییه که ی مه حاڵی مندا ، چلۆن ده ره قه تی ده یان
" شه وی گا سوور" ده هاتن !

**** شه وی گا سوور****

سه رنجێ : ئه ڵێن سه رده مانی زوو له و هه ورامانه دا
به هاوینێکی سوور له ئاوایی یه کی چه ن ماڵی دا کابرایێکی
ژیری لێ ئه بێ به خه ڵکه که ی ئه ڵێ : برا ئیمشه و
به فرێکی قورس ئه بارێ ، ئاگاتان له خۆ بێت.
خه ڵکه که هه ر یه که و به جۆرێ به قسه ی کابرا
پێئه که نێ و تاقمێکیش ئێژن به خوا وا دیاره کابرا
ئه قڵی ته فره قه بووه، ئاخر بێژه به م هاوینه سووره
به فر له کوێ بوو .
کابرا که ئه زانێ ئیدی خه ڵک به گوێی ناکه ن ، ئه چێته وه
بۆ ماڵ و حاڵ و به سه رهاته که به لای کوڕه کانیه وه
باس ئه کا ، پییان ئێژێ : ڕۆڵه وه رن ئێوه به گوێم بکه ن،

ئه وانیش ئه لێن به خوا باوکه له قسه ت ده ر ناچین،
بێژه  چیمان پێ ئه کرێ ؟
باوکه ئه لێ : ڕۆڵه ئیمشه و  شه وی  گا سووره .  سه ری
ئه بڕین و من گۆشته که ی ئه که م به پلا بۆتان و ئێوه ش
به نۆره بچنه  سه ر بان و به فره که ی بماڵن .
عاله م شه وه زه نگ ئه بێ ، تاریکایی هه موو شوێنێ
دائه گرێ .  فره ی پێ ناچێ  به فرێکی قورس
دونیا ئه ته نێ . کوڕه کانی کابرا هه تا به یانی به نۆره
ئه چنه سه ر بان و به فر ئه ماڵن . که عاله م رووناکایی
تێ ئه که وێ ، ئه بینن  کوره خۆ که س له ئاواییا نه ماوه و
هه موان بوون به ژێر به فره وه .**************
به لام برا : ڕه نگه ئه م نه قڵه  ئه فسانه بێ لێ به لێ
بڕواتان بێت له و کورده وارییه دا  گه ر  سۆراخێ له
ڕابووردوو بگری ، هه ر مه حاڵه و ده یان  شه وی گا
سووری
وه پشت سه ر ناوه .
ئه م چه ن دێڕه م زێتر بۆ سوکنای دڵم نووسی و باز دانێکی
سووکه به سه ر هه زاران تاڵی و سوێری و مه ینه تی
نێو کورده وارییه که مدا .

تاران ، 10 ڕه شه مه ی 2704 کوردی

Renas caf@yahoo.com